**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٣ لە ٢٠١٩/٧/٢٨**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩

بەبۆنەی دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥ و جێ بەجێکردنی ، هەروەها بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکەمان و زیاتر خزمەت کردن و ئاسانکردنی ئیشوو کاری هاووڵاتیان، بڕیارماندا بە :-

١- پابەندبوونی فەرمانبەران بەدەوامی فەرمی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و لەکاتی دیاری کراوی خۆی دا کە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی دەست پێ دەکات و لەکاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ و ڕۆژانی پێنج شەممە لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی دێت.

٢- فەرمانبەر لەکاتی دەوامی فەرمی خۆی دا پێویستە بەهەموو شێوەیەك خۆی تەرخان بکات بۆ جێ بە جێ کردنی هەموو ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێی ڕادەسپێردرێت و پێویستە لەسەری بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبووردوانە و دەست پاکی ئەرکەکانی جێ بە جێ بکات ، چونکە ماوەی دەوام موڵکی هاووڵاتی یە .

٣- پێویستە لەسەر هەموو فەرمانبەران نهێنی کاری فەرمانبەری بپارێزن و بۆ ئەم مەبەستەش هەر سەرپێچیەك ڕووبەرووی سزای یاسایی دەبێتەوە .

٤- هەوڵدان بۆ کەم کردنەوی ڕۆتین لە جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکاندا بەشێوەیەك بتوانرێت لە کەمترین کاتدا زۆرترین ئەرك جێبەجێ بکرێت ، بەبێ ئەوەی سەرپێچی یاسا بکرێت ، هەروەها لەسەر هەموو بەرێوەبەران پێویستە بازنەی ڕۆتین دەستنیشان و دیار بکەن تاکو بنبڕ بکرێت .

٥- وەڵامدانەوەی داواکاری هاووڵاتیان و نووسراوی فەرمانگە و دام ودەزگاکان بەپەلە بۆ ئەوەی بتوانرێت سوود لە توانست وکارامەیی فەرمانبەران و هۆبە وبەشەکان وەربگیرێت لە پێناو جێ بە جێ کردنی ئەرکی هاووڵاتیان بەزووترین کات و هاندانی فەرمانبەران بۆ زیاتر خزمەت کردن و دڵسۆزی نواندن لە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکاندا بەرامبەر هاووڵاتیان .

٦- لەحاڵەتی هەڵەی ( مادی ) یا چاپ فەرمانبەر هەوڵبدات هەماهەنگی لەگەڵ ئەو فەرمانگەیەبکات کە مامەڵەکەی لێ هاتووە ، لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی هەر لایەك لەلای خۆیەوە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە و مۆر و ئیمزای بکات ئەگەر هەردوو فەرمانگەکە سەر بەوەزارەتی دادبن .

٧- ڕێزگرتن لەهاووڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی و ڕەچاوی باری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بکرێت لە کەم ئەندام و پەککەوتەو نەخۆش و بەساڵاچوان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ جێ بە جێ کردنی داواکارییەکانیان بەڕوویێکی خۆش و گەش کە سیمای شارستانی وەزارەتمان بەهەموو فەرمانگەو پێکهاتەکانی دیار بخات .

٨- هەوڵ بدرێت مامەڵەی هاووڵاتیان کەلەناوچەیەکی دوورەوە یان لەدەرەوەی وولات هاتوون بەپەلەو لەکەمترین ماوە تەواوبکرێت.

٩- نابێ داواکاری هاووڵاتیان بەشێوەی زارەکی ( شفهي ) ڕەت بکرێتەوە ، لەوحاڵەتەدا پێویستە بەنووسین بڕیاری ڕەت کردنەوەی داواکاریەکە بنووسرێت و ئەگەرەکان روون بکرێنەوە ، ئەگەر داواکاریەکە ئیشی ئەو فەرمانبەرە نەبێت ، بۆ هاووڵاتی روون بکرێتەوە کە کارەکەی پسپۆری چ لایەکە لەسەر داواکاریەکە ئاراستەی لایەنی پسپۆروتایبەتمەند بکرێت .

١٠- بنبڕکردنی دیاردەی قێزەونی بەرتیل بەهەموو شێوەیەك کە جۆرێکە لە گەندەڵی و بۆ ئەم مەبەستەش سەرپێچیکاران بەتوندترین شێوە سزادەدرێن بە پێی یاسا و فەرمانبەر خۆی لەو ڕەفتارانە بەدوور بگرێت کەگومانی دێنێتە سەری .

١١- ئەم ڕێنماییانەی سەرەوە بەهیچ شێوەیەك بەخشینی بۆ هیچ فەرمانبەرێك تێدانی یە لە هەر پلەوپۆستێکی فەرمانبەریدا بێت .

١٢- ئەم ڕێنماییە لەرۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**هەولێر**
**٢٠١٩/٧/٢٨**
**٦/خەرمانان/٢٧١٩**